# ئەی عبدالرحمانی کوڕی سەمورە داوای پلەی دەسەڵات وفەرمانڕەوایەتی مەکە، چونکە ئەگەر تۆ داوای بکەیت بەهۆی پرسیارکردنەوە؛ ئەوا (پێت دەبەخشرێت) بەڵام پشتیوانی ناکرێت

لە عبدالرحمانی کوڕی سەمورەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «ئەی عبدالرحمانی کوڕی سەمورە داوای پلەی دەسەڵات وفەرمانڕەوایەتی مەکە، چونکە ئەگەر تۆ داوای بکەیت بەهۆی پرسیارکردنەوە؛ ئەوا (پێت دەبەخشرێت) بەڵام پشتیوانی ناکرێیت (یارمەتی نادرێیت بۆ بەڕێوەبردنی)، وئەگەر (فەرمانڕەواییت) پێ ببەخشرێت بە بێ پرسیارکردن (بە بێ داواکردنی)؛ ئەوا پشتیوانی دەکرێیت (یارمەتی دەدرێیت بۆ بەڕێوەبردنی)، وئەگەر سوێندت لەسەر شتێک خوارد بەڵام پێت وابوو جگە لە ئەوە خێرترە؛ ئەوا کەفارەتی سوێندەکە بدە وئەو جێبەجێ بکە کە پێت وایە خێرترە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە داواکردنی دەسەڵات وفەرمانڕەوایی؛ چونکە هەرکەسێک پێی ببەخشرێت بەهۆی ئەوەی خۆی داوای کردووە ئەوا بە زۆری تووشی دەستبەرداری وبێهیوایی دەبێت بەهۆی ئەوەی بە دوای دونیاوە بوو وفەزڵی دونیای دا بەسەر دواڕۆژ وهەروەها یارمەتی نادرێت وپشتیوانی ناکرێت نە لایەن خوای گەورە ونە لە لایەن کەسانی دڵسۆزەوە، وهەرکەسێک دەسەڵات وفەرمانڕەوایی پێی ببەخشرێت بەهۆی بێ ئەوەی داوای بکات ئەوا خوای گەورە یارمەتی دەدات وکەسانی دڵسۆزیش پشتیوانی دەبن، وسوێند خواردن لەسەر شتێک نابێتە هۆی ڕێگر بوون لە ئەنجامدانی شتێک کە لەوەی سوێندی لەسەر خوراوە خێرتر بێت، ئەگەر ئەو کەسەی سوێندی خوارد وپێی وابوو شتێکی خێرتر هەیە لەوەی کە سوێندی لەسەر خواردووە ئەوا بۆی هەیە کەفارەتی سوێندەکەی بدات وئەوە ئەنجامبدات کە پێی وایە خێرترە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3004